The Centre of Halabja
Against Anfalization and
Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.be

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u
Cinosaydî Gelî Kurd
CAK
chak_org@yahoo.com

## دەزگای شەهیدانی یەکێتی لەجیاتی پاکسازی لیستەکەیان ,

## شەهیدانەی شەهیدە سەربەرزەکان دەبڕن

پاش ئەوەی بەڕێز مستەفای حەسەن گەورە کەسایەتی دیاری ناوەندەکەمان و بەرپرسی کۆمیتەی دانمارکی چاك , وەك برای دوو شەهیدی نەمر , نامەیەکی کراوەی ئاراستەی لایەنە پەیوەندیدارەکان کرد و تیایدا داوایکرد ئەگەر لیستی شەهیدان پاکنەکەنەوە لە ناوی تاوانکاران , ئەوا شەهیدانەی براکانی کە بریتین لە هەردوو شەهید نەمر "محەمەد حەسەن گەورە , مامۆستا ئەمین حەسەن گەورە " ببڕن , مخابن لە بەرواری 11-10-2007 دەزگای شەهیدانی یەکێتی زۆر بە پەلەو دەستوبرد لەجیاتی ئەوەی داواکاری برای شەهیدەکان جێبەجێبکەن , لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە پەیوەندیان بە وارسێکی شەهیدەکان کە خاتوو فاتمەیە کردووە و بە بەڕێزیان وتووە : لەبەر ئەوەی ئێوە پێویستان بە شەهیدانە نییە بۆیە مانگانەکەتان دەبڕین , خاتوو فاتیمەش لەوەڵامدا وتوویەتی : ئێمەش هاوهەڵوێستی براکەمانین .

ئەمە لە کاتێکدا بەڕێز مستەفا وەك نارەزایەتییەك لە بوونی ناوی تاوانکاران لە لیستی شەهیدەکانیان ئەو داوایەی کردووە نەك پێویستیان بە شەهیدانە نەبێت , هەرچەندە تاکو ناوی تاوانکاران لەو لیستەدا هەبێت , ئەوا بەڕێز مستەفای حەسەن گەورە لەسەر هەڵوێستەکەی بەردەوام دەبێت .

**کەس و کاری شەهیدە سەربەرزەکان**

**بنەماڵەی قوربانیان**

**پێشمەرگەی دێرین و زیندانیە سیاسییە خۆڕاگرەکان**

بەمشـــێوەیە دەبیـــنین دەزگاکـــانی بـــەناو شـــەهیدانی ســـەربەرز , نایەنـــە پـــای داخـــوازی بڵاوکردنـــەوەی لیســـتی ســـەربەرزان , کـــە جگـــە لـــە بـــوونی نـــاوی تاوانکـــاران لـــە ڕیـــزی ئـــەو لیســـتانە , هیچ هۆکارێك دیکە نییە بۆ بڵاونەکردنەوەی .

لـــە کۆتاییـــدا چـــاوەڕوانی هـــەمان هەڵوێســـت لـــە کەســـوکاری هـــەموو شـــەهیدە ســـەربەرزەکان دەکـــەین , داواکـــارین نارەزایـــەتی سەرانســـەری ڕابگەیـــەنن لـــە پێنـــاو پاکســـازی لیســـتی ســـەربەرزان و بڵاوکردنەوەی لیستەکان بۆ ڕایگشتی .

نابێـــت ڕێگـــە بـــدەین ســـەروەت و ســـامانی خـــەڵکی کوردســـتان تـــەرخانبکرێت بـــۆ خانەنشـــینی تاوانکـــاران و دیوەخانانـــەی ئەنفالچـــییەکان , بـــا داخوازیمـــان یەکخبـــەین بـــۆ ئاشـــکراکردنی لیســـتی سەربەرزان و پاکسازیان لە ناوی تاوانکاران .

## ناوەندی چاك

2007-10-15


www.chak.be

chak_org@yahoo.com


**تێبینی : تەنها ئەم ماڵپەڕ و ئیمەیلەمان هەیە .**